# ئەو گەشمردەیەی شانازی بەماندو بوونەوە دەكرد

لای نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە, ڕێكـەوتی 1982/8/16 ڕێـم كەوتـە دوكـانی ناسـیاوێكم بـەناوی (مـەلانوری عەزیز)ی ماستاو لەبەر خانەقا, ئەوساماڵیان لەگەڕەكی سەرشەقامی كۆن بوو. ڕوانیم زۆر گەش‌و كراوە دیارە. پێی وتم: ماموستا دەبێت بۆ قاوەڵتی نیوەڕۆ لەخزمەتتا بم. منیش لەبەر ئەوەی هەرگیز نەچوبوومە ماڵیان, یەكەمجار قایل نـەبووم.. ناچار پێـی وتم, بـرام مـن لەبـەر خواردنەكـە نـاڵێم, بـەڵكو كـەبێیت بـۆ ئـەویَ پەشـیمان نابیـت, خۆشەویستێكی خۆت دەبینیت. پێم وت ئەوكەسـە كێیـە؟ وتـی: پێت نـاڵێم تـا لەگـەڵم نەیەیتـەوە. منـیش یەكسەر بڕیارمـدا. كـاتێ پێكـەوە گەیشـتینە ماڵـەوە, ڕوانـیم مامۆسـتای پەروشـی ڕێگـەی كوردایـەتی (جـەمال تـاهیر) لەگـەڵ هیـوای مـەلا نـوری دانیـشتوون. ئیـدی مـن زۆر ئاسـوودە بـووم‌و مامۆسـتا جـەمالیش بەوپـەڕی هەسـتی بەرزییـەوە, بەخێرهاتنی كردم‌و وتی: گەرچی لەمەوپێش لەدوورەوە یەكترمان ناسیوە, سوپاس بۆ خوداو ئـەم جێگـە پـیرۆزە كـە بەتەواوی گەیاندینی بەیەك. من لەسەرەتاوە پێم وت: مامۆستا گیان ناوبانگی خۆڕاگریی‌و كۆڵنـەدان و بـەهرەوەریی تۆم لەمێژەوە لەدڵدا چەسپیوە. ئەوەی لەنزیكـەوە تـۆی ناسـیبێت, دەركـی بـەم ڕاسـتییانە كـردووە. تـۆ یـەكێكی لـەو هەڵبژاردانـە لـە خۆشەویـستیت تێـر نـابم. زۆر بەختـەوەر بـووم, سـەربەرزانە لـە زینـدان ئـازاد كرایـت‌و هاتیتـەوە باوەشی گەرمی گەلە ستەمدیوەكەت.

ئـەو خـەمخۆرە بـەڕێزە كەلەسـەرخۆ دەدوا, وتـی: ئێمـە هـەردەمرین, بـەڵام واچاكە بـەبڕوای بەتینـەوە بـژین. ئەوكارەی دەستمان دایە بەپاكی ڕایپەڕێنین. ماندووبوون لە ڕێگەی كوردایەتیدا, ئەركی سەرشانی ئێمەیـە. بێگومـان ئێمە بەرپرسیارین لەخۆمان‌و لەنیشتمان‌و لەكۆمەڵگەكەمان.

دەربارەی مامۆستایانیش, وتی: مامۆستایان واباشە بەو پەڕی پەروشـییەوە, وانـەی گیـانی كوردایـەتی تێهەڵكێشی دەرسەكان بكەن‌و لـەدڵی قوتابیانـدا بیروێنن‌و درێـژە بـە پرۆسـەی پـەروەردەی ڕوونـاك‌و هاوچـەرخ بـدەن. ئاگاداری ڕاگرتنـی نهێنییـەكان بـن. سڵ لـەدوژمن نەكەنـەوە..برایـان: بـا لەسـەر ڕێبـازی كوردانـەمان قەیـدی نییـە قـسەمان پێبـوترێ, مایـەی شـانازییە بـۆ دوا ڕۆژ, پیـشەی پـیرۆزی مامۆسـتا بریتییـە لـە سـەنگەرگرتن لـەدژی ڕەفتـاری كۆنەپەرستانەو تێكشكاندنی پەیكەری ناهەق. هـەموو دەزانـین ڕژێمـی فاشی‌و سـەركوتكەر بەشێواندنی مەبەسـتە پوختەكان دەژی و لاف لێدەدات.

لەناوتاریكیدا هێلانـەی دروستكردووە. ئێمـە دەبێت بەپرشـنگی غـیرەت‌و هەڵوێـست, بەرپەرچی بیروبۆچوونە سەرشێتەكان بدەینەوە. نـەهێڵین خەونـە سـاختە دڵتەزێنـەكانی بێنـە دی. دیسان درێـژەی بـە وتـە كاریگەرەكانیـدا: ڕژێم هەتا پەرە بەهێڵی زۆرداری بدات, پتر لەبەر چاوی میللەت قێـزەون دەبێت‌و داهـاتووی ڕەش مـسۆگەر دەكـات.

مامۆستا جەمال تاهیر-ی رووخۆش‌و خاوەن ئەزموون, بەهێمنیەوە بازووی مەردانەی لێ بەرز كردەوەو وتی:

مـادام خـاوەن شۆڕشـێكی نـوێی پەرەسـەندوی بایەخـدارین كەڕووبـەرووی بـەهێزترین داگیركـەر وەسـتاوەتەوە لەناوچـەكەدا.. مـادام خـاوەنی كـاروانێكی گـەورەی شـەهیدانین.. مـادام قەڵـەمی ڕوونـاكبیران و مەچـەكی چـینی چەوساوە پێكەوە شەتەك دراون.. مادام خاوەن پێشمەرگەی گیان لەسەردەستین.. مـادام خـاوەن سـەركردەی لێهاتوو بەئەمەكین... دڵنیاین كە ئازادی, ئەمڕۆبێ یان سبەی, باوەشی گەشیمان بۆ دەگرێتەوە. هەرپێی شاد دەبـین‌و ئـاڵای سـەروەری بـۆ هەمیـشە هەڵدەكـەین. هـەروەها دەربـارەی جـەنگی نێـوان عێـراق‌و ئێـران هەڵـسەنگاندنێكی سـەرپێی

خستە روو, بۆ ئەو رۆژە کەمنەبوو. ئەمانەو گەلێ رێنمایی تری لەو دانیشتنە دووسەعاتییەدا, بۆ یادگار بۆ بەجێ هێشتین. ئیتر نەم دییەوە پاش ماوەیەك رۆیشتە دەرەوەو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی پۆشی. چی بەقسە وتبووی بەکردەوە جێبەجێی کرد. تابوو بەوێردی سەرزمانی ئەوانەی لەگەڵیدا ژیابوون.

مامۆستا جەمال تاهیر لەخزمەتکردن رانەدەوەستا. گوێ لە پێشنیارو خواستەکانی دەگیرا. بەپەیژەی تێکۆشاندا بەرەو پلەی باڵاتر دەڕۆیشت.. داخەکەم رۆژگاری رەش درێژەی بە تەمەنی ئەوکەڵە مێردە نەدا, بەکارەساتی وەرگەڕانی سەیارە دڵە گەورەکەی لەلێدان کەوت. گەل لەدڵەوە پرسەی بۆ دانا. دوای پۆشینی بەرگی خورپەو ئاخ لە 1984/7/20 ئەم سێ بەیتە شیعرەم بۆ سەرکێلی گۆڕەکەی نووسیو دام بە هاوڕێیەکم بیباتە جێگەی مەبەست:

چــــــڕنوکی تیژی مەرگی دڵتەزێن
گیرایـــــە جەرگی تۆی دوژمن بەزێن
مێژوو مــــــەدالیای شەهیدی کارکرد
بــەرهەمو ڕەنجی بەخوێن تۆمار کرد
ئـــــــــاڵای نــەمریت دەشەکێتەوە
بــــــــــەبای ئازادی دەبریسکێتەوە

ئەحمەد حسێن ئەحمەد